www.kurdistannet.org
26-10-2006 9:56بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

24-10-2006

## سیر ئەخۆم و زورنا لێ ئەدەم ... غفور عوزێری

هەر جارێك لە ماڵپەڕدا نووسینێك بڵاوکەمەوە، برادەرێکم دوای خوێندنەوەی لەرێگای تەلەفۆنەوە، دەست خۆشیم لێ ئەکات، پێم ئەڵێت باوەڕکە تەنها سەر ئێشەکەت بۆ ئەمێنێتەوە، ئەگینا هیچ سودێك ناگەیەنێت، تۆ وا ئەزانی ئەوانەی پرشی ڕەخنەیان بەر ئەکەوێ هیچ ناکەن یەکسەر ئەکەونە خۆیان.. هەڵەکانیان ڕاست ئەکەنەوە یان لەداخی کردەوەکانیان..
ئەکەونە خۆڵێدان وەکو خۆڵێدانی شیعە بۆ حسێن. لە وەڵام دا پێ ی ئەڵێم هیچ نەبێت دوو مشت خەفەتی سەر دڵم کەم ئەکاتەوە برادەرەکەم دێتەوە قسەو ئەڵێت.. بەڵێ لەم لاوە دوو مشت کەم ئەبێتەوە بەڵام لەو لاوە چوار مشتی کەی ئەخەنە سەر و پێت ئەڵێن بۆ خۆی با (سیر بخواو زورنا لێ با) . منیش هەناسەیەك هەڵئەکێشم و پێی ئەڵێم براکەم ئەوان چی ئەڵێن با بڵێن.. تاکو خیانەت و گەندەڵی بمێنێ ئەبێ منیش سیری تیژی ناوچەی تابین بخۆم و زورنا لێ بەم.. بفەرموون خەڵکینە ئێوەو ئەم پارچە زورنایەی خوارەوە...
کوردگەل (مانی نەوون) :-
ماوەیەکە ئێمەی داماو زیاتر لە هەموو کاتێ بەرەو ڕووی کێشەو هەڵوێستی سەیر سەیری یەك بەدوای یەك دەبینەوە، بەڕادەیەك بەزمانی گەرمیانی (مانی نەوینمان گەرەکە) . قۆناغی دادگایی کردنی (سەدام و ئەنفال) بە سەرۆکایەتی دادناپەروەر عبداللە عامری حەوت دانیشتنی لە ئامێز گرت، دانیشتن دوای دانیشتن زیاتر ماندوو بوون و نائومێدی پێ ئەبەخشین، ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام ببوایە، ئەنجامەکەی نەك تەنها خاوەن سکاڵاکانیان بە درۆزن تاوانبار ئەکردو سزایان وەرئەگرت بەڵکو پارەی فیشەکی کوشتنی ئەنفالکراوەکان و کرێ هەڵکەندنی گۆڕە بە کۆمەڵەکانیشیان لێ وەرئەگرتنەوە.
ئەتوانین ئەو قۆناغە ناوبنێین (بەشی گەش) بۆ تاوانباران و پارێزەرانیان. هەروەها (بەشی ڕەش) بۆ داواکاری گشتی و خاوەن سکاڵاکان و پارێزەرە مردەلۆخەکانیان. لەوەش ڕەشتر.. کورد بە کۆمەڵێك کەناڵی ناوخۆیی و هەشت کەناڵی ئاسمانی یەوە ئەوەندەی (الفیحا) یان نەکرد بە هەرا دژ بە قازی عامری کاتێ بە (سەدام) ی ووت تۆ (دکتاتۆر نەبوویت و دکتاتۆر نیت) . لە کاتێکدا هەموو دەزانین شەقامی عارەبی بیربۆگەن و کەناڵەکانیان چیپان کرد بەرامبەر بە بڕیاری بەرزنەکردنەوەی ئاڵای بەعس لە کوردستاندا. بەهەر حاڵ دوای ئاشکرابوونی لایەنگری دادگا بۆ تاوانباران، قازی گۆڕا.
دانیشتنەکانی قۆناغی قازی تازە دەستی پێکرد زیادکێشی تاوانباران و پارێزەرانیان لە سنووری یاسادا بەند کرا، خاوەن سکاڵاو داواکاری گشتی هەناسەیەکیان هاتەوەبەر، خاڵێکی تازەش بەپاڵەپەستۆ خۆی خزانە ناو کێشەی دادگاکەوە، ئەویش پەنجە درێژکردنی هەندێ خاوەن سکاڵا بۆ موستەشارە جاشەکان و تاوانبارکردنیان لە ئەنفالدا. ئەبێ هەڵوێستی سەرکردایەتیمان چۆن بێت لە کاتێکدا زۆربەی ئەو تێکۆشەرە دێرینانە کاربەدەستی دەستگاکانی حزبەکان و ئیدارەکانن. باشە ئەگەر گیران.. (هەرچەندە من ئەگیرێم و ئەوان ناگیرێن) و دادگایان بۆ دانرا.. بێگومان بۆ بەرگری خۆیان.. ئەڵێن ئەی بۆ (خاوەن مەلەفەکان و لیستی سیخوڕەکان) نادرێنە دادگا.. ؟ ئایە خیانەتیان نەکردووە.. ؟ گریمان مەلەفەکان و گەندەڵچی یەکان و سیخوڕەکانیش خرانە قەفەزی دادگاوە.. دوور نیە هەموو وەکو کۆرس بە دەنگێکی نەشازەوە بڵێن ئەی بۆچی ئەوانەی زیاد لە 30 ساڵ کوردیان بەکورد دایە کوشت، نادەنە دادگا.. ؟ کردەوەی ئەوان چی بوو.. ؟ شۆڕشگێڕی و تێکۆشان یان خەباتی بێ ووچان.. ؟ های هو.. های هو ئەگەر

کار وا بڕوا ئەبێ دادگاکە مەزنتر بکرێتەوە چواردەوڵەتی ناوچەکە و جەزائر و ئنگلیز و ڕووس و ئەمریکاش بگرێتەوە، چونکە ئەمانەهەریەك بە جۆرێکی نامرۆڤانە میللەتی کوردی فەوتاندووە یان هاوکاری فەوتاندنی کردووە.

پێم باشە لێرەدا ئەم پارچە زوڕنایە ڕاگرم، تاکو پارچە زوڕنایەکی کەی دوای سیر خواردن بتاندەمە دەست خوا خۆی. بەڵام ئەمەوێ پێش خواحافیزی بە کورد بڵێم (مانی نەوون) .